## وانەی چوارەم:

### ب. کێشەی توێژینەوە (مشكلة البحث):

لە وانەکانی پێشتر باس کرا لە چۆنێتی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە بۆ لێکۆڵینەوە کردن. وە هەڵبژاردنی بابەتێکی نەزانراو پێویستی بە چارەسەر بێت یاخود پرسیارکردنێك پێویستی بە وەڵامدانەوە بێت وەك ئەوەیە گەیشتن بە دیارخستنی کێشەکەیە. هیچ توێژینەوە یاخود لێکۆلینەوە بێ کێشەی توێژینەوە بێت. کەوا کێشە مانای بوونی سەختی یاخود کەمی کەوا ئەویش هەڵوێستێکی نادیارە پێویستی بە روونکردنەوە هەبێت. هەروەها کێشە توێژینەوە پێناسە کراوە کەوا "پرسیارکردنێکە لە مێشکی توێژەر هەیە سەبارەت بابەتێکی نەزانراو و پێویست بە روونکردنەوە هەبێت". هەروەها پێناسە دەکرێت بە "بریتیە لە بابەتێك یاخود دیاردەیەك بە نادیاری دەوربدرێت و پێویستی بە روونکردنەوە هەبێت".

توێژەر دەبێت بە دروست کردنی کێشەی توێژینەوە بە شێوەیەکی دروست بەدیارکردنی هۆکارەکانی هەڵبژاردنی کێشە و چۆنێتی روودانی وپێشکەش کردنی بەڵگە بە شێوەیەکی راست. بۆ دروستکردنی کێشە دەبێت توێژەر روونکردنەوە بدات لەسەر دیاردەکە بە شێوەیەك خوێنەر تێیبگات، وە بەباشی دیاریبکات وە لە رێرەوەی بیر و تیۆری دایبنێت. توێژەر دەستپێبکات بە نووسنی چەند دێرێك وەك دەروازەیەك، پاشان هەڵدەستێ بە بەرچاوخستنی کێشەکە و پرسیارەکان کە پێویستی بە وەڵامە. دەبێت بە دەستەواژەی روون و دیار و تێگەیشتوو بێت لە ناوەرۆکی کێشەکە دەربرێت. مەبەستیش لە دیاریکردنی کێشەکە ئەوەیە کە ئاراستەی توێژەر بکات گرنگی بداتە کێشەکەی، بۆ ئەوەی بزانێت چۆن داتاکان و زانیاریەکانی تایبەت کۆ بکاتەوە کە تایبەتە بە کێشەکەی. بۆ ئەوەی کێشەکی رێك و باش بنووسرێتەوە دەبێت توێژەر رەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

- دەبێت کێشەکە لە هەستی توێژەر خۆی دەربچێت وبۆچی ئەم کێشەی هەڵبژارد.
- دەبێت بزانی چۆن کێشەکە بە دەرکەوت، واباشە کێشەکە مەیدانی بێت.
- زانینی فراوانی کێشەکە و لایەنەکانی بەستراو بە کێشەکە، وە پاشان دیاریکردن کێشەی سەرەکی.
- خوێندنێکی چر بکرێت دەربارەی گۆراوەکانی بەستراو بە کێشەکە و ئاماژە بۆ هەموو گۆراوەکان بکرێت.
- بەرچاوخستنی گرنگی کێشەکە وگرنگیەکەی لەچارەسەر کردنی وچیش روو دەدات ئەگەر کێشەکە بەردەوام بێت.
- بەسەرکردنەوەی لێکۆلینەوەکانی پێشو وپەیوەندیدار، بۆ زیاد کردنی بیرۆکە ودووربوون لە هەڵەی توێژەرانی تر.
- خستنە رووی کێشەکە یان بە پرسیار دەبێت یان لەشێوەی راپۆرت دەبێت، واباشە بە شێوەی پرسیار بێت.
- زۆر جار دەربرینی کێشە بەگۆراوی وابەستە (تابع) دەکرێت و گۆراوی سەربەخۆ (مستقلە) دەبێت چارەسەر.

هەندی نموونە لە دەربرینی نووسینی کێشە:

- دراسة (احمد عبد الأئمة ) "تأثير استخدام أساليب تدريس مختلفة في تعلم بعض أنواع التهديف بكرة السلة."

- لێكۆلینەوەی (احمد عبد الأئمة) "كاریگەری بەكارهێنانی شێوازەكانی وانە وتنەوەی جیاواز لەسەر فێربوونی هەندێ جۆرەكانی كارامەی گۆلكردن لە تۆپی باسكە".

(لە رێگەی ئەزموونی توێژەرەوە تێبینی كراوە لەم دواییانەدا فرە شێوازەكانی فێركردنی كارامەیی لەیاری باسكەدا پەیدا بوونە، بەلأم ئەم شێوازانەی وانە ووتنەوە گرنگی نەدراوە لەلایەن ماموستایان و پشتیان بەستوە لەسەر شیوازی فەرمانكردن و بەتایبەتی قوتابیانی كولێژی پەروەردەوی وەرزشی)

(من خلال خبرة الباحث لاحظ في الآونة الأخيرة تعدد لأساليب التدريس للمهارات في لعبة كرة السلة لكن إن هذه الأساليب لم تحظى بالاهتمام والتطبيق من قبل المدرسين واعتماد منهجهم على الأسلوب الامري وخاصة مع طلبة كلية التربية الرياضية).

- دراسة(حيدره عبد الأمير ) "تأثير استخدام وسائل تدريبية في تطوير القوة المميزة بالسرعة للذراعين وبعض المهارات الأساسية للاعبي التنس الأرضي "

- لێكۆلینەوەی (حيدره عبد الأمير) "كاریگەری بەكارهێنانی ئامرازەكانی مەشقكردن بۆ پەرەسەندنی هێزی تایبەت بە خێرا بۆ قۆڵەكان و هەندێ كارامەكانی بنچینەیی یاریزانی تینسی سەرزەوی ".

(لە ئەزموونی توێژەر و گەران بەدوای هۆكارەكانی لاوازی جێبەجێكردن لە زۆر لایەنەوە ، تێبینیمان كرد كەمتەرخەمی ئاشكرا هەیە لە سیفەتی هیزی تایبەت بە خێرایی بۆ هەردوو قۆلەكان و هەندێ كارامە بنچینەیی لە یاری تینسی سەرزەوی)

- دراسة (رجاء حسن ) "تأثير التمرينات التوافقية والإدراكية في تطوير مستوى الأداء لبعض مهارات سلاح الشيش"

- لێكۆلینەوەی (رجاء حسن) "كاریگەری راهێنانەكانی گونجاندن و دركپێكردن بۆ پەرەسەندنی ئاستی جێبەجێكردنی هەندی لە كارامەكانی چەكی شیش".

( لەكاتی سەیركردنی توێژەر بۆ پاڵەوانیتیەكان و كێبركێیەكان تێبینی لاوازی كرد لە جێبەجێكردنی هونەری كارامەكانی یاریزانەكان یانەی فەتاتی بەغدا بۆ شمیشێربازی و هۆكارەكەی دەگەرێنتەوە بۆ لاوازی تواناكانی گونجاندن و دركێكردنی یاریزانە كچەكان).